نەخێر، من بینیم لە دۆزەخدا بوو؛ بەهۆی ئەوەی چارۆکەیەک یان عابایەکی دزی بوو

لە عومەری کوڕی خەتابەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «لە ڕۆژی (جەنگی) خەیبەر کۆمەڵێک لە هاوەڵانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هاتن ووتیان: فڵان شەهیدە وفڵان شەهیدە، هەتاوەکو تێپەڕ بوون بە لای پیاوێکدا ووتیان: فڵان شەهیدە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «نەخێر، من بینیم لە دۆزەخدا بوو؛ بەهۆی ئەوەی چارۆکەیەک یان عابایەکی (بشتێکی) دزی بوو».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

عومەری کوڕی خەتاب -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: لە ڕۆژی (جەنگی) خەیبەر کۆمەڵێک لە هاوەڵانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هاتن بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ودەیانووت: فڵان شەهیدە وفڵان شەهیدە، هەتاوەکو تێپەڕ بوون بە لای پیاوێکدا ووتیان: فڵان شەهیدە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: نەخێر، من بینیم لە دۆزەخدا بوو؛ بەهۆی ئەوەی چارۆکەیەک یان عابایەکی (بشتێکی) بە نهێنی بۆ خۆی برد بووی (دزی بوو)، بەهۆی ئەمە لە دۆزەخ سزا درا؛ ئەمیش هۆکاری ئەوە بوو کە ئینکاری بکات لە ووتنی سیفەت ونازناوی مەزنی (شەهید بوون لە پێناو خوای گەورە) بۆ ئەم پیاوە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4238